# کۆمەڵگای کوردستان، پێویستی بەحیزبی ڕزگارکەر هەیە

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

**بەشی دووەم و کۆتایی**

هەروەها بەڕێز هەژێن چەند مەسەلەیەکی هێناوەتە ئاراوەو ڕۆشنتریش بەیانی بۆچوونی خۆی کردووە. کەمن بەکورتی هەڵوێستە لەسەر مەسەلە سەرەکییەکانی دەکەم.

پێدادەگرێت کە کوردستانی عێراق، تا 2003 جیابووەو لەوکاتە بەدواوە کوردستان بۆتەوە بەبەشێك لە عێراق، پاشان دەڵێت ئەگەر کوردستان جیایە ئەم هەڵایەی بۆچییە، جیابۆتەوەو برایەوە..

منیش دەڵێم، هاورێی بەڕێز ئەم بۆچونە دروست نییە، واقعیەت ئەوەیە کە کوردستانی عێراق لەساڵی 1991وە تاساڵی 2003خاوەنی تایبەتمەندیەکەو لەساڵی 2003 وە کەرژێمی بەعس لەدەسەڵات کێشراوەتە خوارەوە بۆتە خاوەنی تایبەتمەندیەکی تر.

بائەمە کەمێك ڕۆشن بکەمەوە، بەدوای خرۆشانی جەماوەری ئازارو ئاوارەیی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستاندا، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەوکاتەیاندا، بەدانانی"ناوچەی ئارام"هێڵی 36 لەلایەکەوە کێشەی خەڵکی کوردستانیان هێنایە خوارەوە بۆ کێشەی ئاوارەکان و هەوڵیان ئەوە بوو ڕوحی کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان دابپۆشن، هاوکاتیش کوردستانی عێراق وەکو کارتێکی گوشار لەکێشمەکێشی خۆیاندا لەگەڵ بەعس بەدەستەوە بگرن. ئەم سیاسەتە بەکردەوە کۆمەڵگای کوردستانی لەجغرافیای سیاسی دنیادا بێناسنامە کرد، کوردستانی عێراقی هەم لەعیراق دابڕی و هەم هیچ ناسنامەیەکی تازەی وولاتی تریشی پێنەدرا و جێ وشوێنی حقوقی-سیاسی و ناسنامەی ولاتی کوردستانی هەڵواسرا. بەکردەوەش کوردستانی عێراق بوو بەهۆڵێکی گەورەی چاوەڕوانی. هاولاتیانی کوردستان لەئاکامی ئەم واقعیەتەدا لەباری حقوقی و سیاسیەوە دیار نەبوو هاولاتی کوێن، سەر بەچ جغرافیایەکن، هەربۆیە بەرێووەچونی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەشی سپێردرا بەدەستی کۆمەکی ڕێکخراوە ئینسان دۆست و ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی تیایدا چووە حاڵەتی متبوونەوە، خەڵکەکەی بۆهەموو شتێك چاولەدەستی کۆمەکی دنیای دەرەوە کران، هەتا لەباری پێکهاتە یاسایی و باوەکانەوە هیچ یاسایەك لەهیچ ئاستیکدا، نەما. دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك لەهیچ ئاستێکدا بوونی نەبوو. لەجێگای ئەوە یەکێتی و پارتی لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە کرانە پاسەوانی ئەم ئۆردوگایە، و پەرلەمان و حکومەتکیش کە هەیانبوو حەقی حاکمیەتی نەبوو، هەربۆیەش زوو لەشەڕی ناوخۆیدا بەهەوادا چوو.

واقعیەتێکی تر ئەوە بوو کە سەرباری ئەم هەڵواسراوییەی کوردستان و لەقەوارە کەوتنی کۆمەڵگاکەی، کێشەی لەمێژینەی زوڵمی قەومی سەرخەڵکی کوردستان، لەلایەن بەعسەوە درێژەی هەبوو، ڕژێمی بەعس لەودیوو سنورەکانەوە هەڕەشەکی گەورە بوو لەخەڵکی کوردستان، بەوپەڕی درندایەتییەوە بەهەر ئەندازە بۆی بلوایە درێژە پێدەری تاوان بوو، ئابلۆقەی ئابوریەکەی و بۆمبارانی هەموو ڕۆژەیی...تاد، بەیانی ئەو واقعیەتە بوون.

بۆیە ساڵی 1991 تا ساڵی 2003 کۆمەڵگای کوردستان گیرۆدەی دەستی دووگرفتی لێکهەڵپێکراو بوو، هەڵواسراوی و بێناسنامەی وولاتی و حقوقی و ناسنامەی هاولاتی بوون لەلایەك و مانەوەی کێشەی زوڵمی لەمێژینەی قەومی لەلایەکی تر.

لەساڵی 2003 بەدواوە کەڕژێمی بەعس دەکەوێت، ئاڵوگۆر بەسەر گرفتەکاندا دێت و تایبەتمەندی تر دەبنە سیمای کۆمەڵگاو ئایندەو چارەنووسە سیاسیەکەی، لەلایەکەوە ناوچەی"ئارام"مانای خۆی لەدەست دەدات، کۆمەڵگای کوردستان بەرێژەیەکی زۆر قەوارەی کۆمەڵگای پێدەدرێتەوە، جموجۆڵی ئابوری بەرچاو، چالاکی فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی دەست پێدەکاتەوە، وولاتانی ناوچەکە وەکو جاران ناتوانن هەرکاتێك ویستیان سنور ببەزێنن و سوپا بێنە قولایی کوردستانەوە،

دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەچواچێوەی عێراقدا و تەنانەت لەئاستی دنیاو کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا بەڕەسمی دەناسرێت، پەرلەمان و حکومەتەکەیان بەجۆرێك حەقی حاکمیەتی پێدەردێت، بەعس وەك دێوەزمەیەك لەو دیوو سنورەکان و لە عێراقدا نەماوەو لەدەسەڵات خراوە، زوڵمی قەومی سەرخەڵکی کوردستان کۆتایی پێهاتووە، کەس لەسەر کوردبوون تەرحیل و تەعریب و تەهجیر ناکرێت، زوڵمی لێناکرێت، ڕاودونانرێت، سەرکوت ناکرێت، .....ئەگەر لێرەو لەوێ مەسەئیلێك هەبێت "کەهەیە" ئەمە بەرهەمی کێشمەکێشی سەرساحەی سیاسی عێراقە، میلیشیای لایەنەکان بۆ پچرینی بەش لە دەسەڵاتی مەرکەزو جێگیرکردنی ئەنجامی دەدەن.

ئەم دوو دەورەیە 1991 تا 2003 وە لە 2003 وە تائێستا خاڵی هابەشیان جیابوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە، لەسەردەمێکیاندا بەهەڵواسراویی و لەئێستاشدا بەقەوارەی کۆمەڵگاو چالاکی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە، لەسەردەمێکیاندا بەبوونی دەسەڵاتێکی یەکدەست لەمەرکەز" دەسەڵاتی بەعس" و لەئێستادا بەنەبوونی دەسەڵاتێکی متەمەکیز و پێکنەهاتنەوەی عێراق و حکومەتەکەی، لەسەردەمێکیان بە مانەوەی زوڵمی قەومی و لەئێستادا بەنەمانی زوڵمی قەومی سەر خەڵکی کوردستان.

دیارە هەوڵ و تەقەلا بۆ لکاندنەوەی دوبارەی کوردستان بەعێراقی ئیسلامی قەومییەوە، بەجیا لەهەڕەشەو پیلانی ناسیونالیزمی عەرەب و ڕەوتە دینییەکان، تائێستا سیاسەتی ڕەسمی ئەحزابی قەومی دەسەڵاتبەدەستی کوردستان" یەکێتی و پارتی"یشە، کەدەیانەوێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندی حزبی خۆیاندا، خەڵکی کوردستان بکەنە بارمتەی جێگیرکردنی بەشە دەسەڵاتیان لەبەغداو لەپیناو درێژەدان و یاساییکردنی دەسەڵاتیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا لەچوارچێوەی عێراقی ئیسلامی _ قەومی دا.

ئەم هەوڵ و تەقەلایەی ئەحزابی قەومی کورد، کە لەگەڵ تەماحی بزوتنەوە و هێزە قەومی و دینییەکانی عێراقدا کۆکە، یانی گێڕانەوەی کوردستان بۆ بەردەم سیناریۆیەکی نائینسانی ونەخوازراو بەمانای دوبارە داسەپاندنەوەی زوڵمی قەومی و مەزهەبی و دوبارەبوونەوەی سەرکوت و بیماقی سیاسی یە.

لەوچوارچێوەیەدا خەڵکی کوردستان، بەپێچەوانەی تموحی ئەحزابی حاکمی کوردستانەوە، خوازیاری ئەوەن ئەو جیایەی بەکردەوەیەی 1991 وە دەستی پیکردووە، لە 2003 بەدواوە قوڵتربۆتەوە، بۆبەڕەسمی بناسرێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بچێتە پشتی. هەر ئەم واقعیەتی جیایەشە کە زۆرێك لەبەرپرسانی پنتاگۆن و لێکۆڵەرەوە سیاسیەکانی ئەمریکاو دنیا باسی دابەش بوونی عێراق دەکەن، تەنانەت باسی فدرالیزمێك کە لەعێراقدا لەئارادایەو لەدەستورەکەشیاندا! تەئید کراوە، هەر ئەو جیاییە واقیعییەیە، وە هەر ئەم جیایە حاشاهەڵنەگرەشە وای کردووە فدرالیزم بکەنە چواچێوەیەك بۆ ئەوەی عێراق بەیەکگرتووی بهێڵنەوەو بەربگرن بەخواستی بەرهەقی خەڵکی کوردستان بۆ جیایی یەکجاری و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەحزابی قەومی کورد لە ئێستادا بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبینەوە کە سیاسەتی گێڕانەوەی کوردستان بۆ ناو سیستەمی فدراڵی عێراق! بگرنە بەر، ئەمە ڕەبتی بەخواستی واقعی خەڵکی کوردستانەوە نییە، کوردستان دەبێ بەڕەسمی جیابێتەوە و لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دانی پیابنرێت، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کەبڕیارە دروست ببێت یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی خەباتە بۆئەم جیاییەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ.

تائەوەندەی باسی حزب و ڕێکخراوەی جەماوەریە، مادام بەڕێز هەژێن پێداگری کردۆتەوە لەسەر ئەوبۆچونەی کە دژی هەرجۆرە حزبێکەو حزب بەڕامکاری چینی کرێکار دەزانێت و لەدژیەتی، ئەوا خۆی ئازادەو بیروڕای خۆیەتی، من هەرئەوەندە ئەڵێم، ئەگەر لەسەردەمی مانفێستی کۆمۆنیست وسەردەمی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەردا حزب پێویست و وەسیلەیەکی کارا بووبێت بۆسازدانی چینی کرێکارو ئاسۆدارکردنی خەباتەکەی لەپێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سەراپای هەلومەرجی باو، ئەوا لە ئێستای دنیادا کەبۆرژوازی لەتواناییەکی بێئەندازە بەهرەمەندەو تاقیکردنەوەیەکی مێژووی گەورەی دەسەڵاتدارێتی لەبەردەستە، سەدبەرابەر پێداویستی حزبی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی توندوتۆڵ و دەخالەتگەری کردۆتە پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگر. کۆمۆنیزم و مارکسیزم بەبێ حزب، بێ ماشێنی جەنگی، بێ وەسیلەی خەباتی ڕابەری سیاسی کۆمەڵایەتی سەراسەری، مەحکوم بەشکستە. هیچ بزوتنەوەکی چینایەتی و سیاسیش لەدنیادا بەبێ حزب دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستەوە نەگرتووە، لەگەڵ گرنگی و نەخشی

ڕێکخراوەی جەماوەریدا بۆهەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتیەکان، بەڵام هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی بەڕێکخراوەی جەماوەری نەگەیشتۆتە ئاستی دەسەڵات و دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتووە.
کۆمەڵگای کوردستان، بۆ ڕزگاربوونی لەدەست هەلومەرجی نەخوازراوی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێویستی بەڕزگار بوونە، بۆئەمەش پێویستی بەحیزبی ڕزگارکەر هەیە.

* ئەم پەرەگرافە لەووتارەکەی بەڕێز "کەمال ڕۆئوف" لەژێرناوی"دیسان حیزب" وەرگیراوە

** هەمان ووتاری سەرەوە